جبریل -علیه السلام- بەردەوام ئامۆژگاری و وەسیەتی دەکردم سەبارەت بە دراوسێ؛ هەتا گومانم وابوو کە دەیکات بە میراتگریش

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جبریل -علیه السلام- بەردەوام ئامۆژگاری و وەسیەتی دەکردم سەبارەت بە دراوسێ؛ هەتا گومانم وابوو کە دەیکات بە میراتگریش».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە جبریل -علیه السلام- بەردەوام دووبارەی دەکردەوە وفەرمانی پێدەکرد کە گرنگی بەدراوسێ بدات، مسوڵمان یان کافر ، خزم یان بیانی بێت، ئەم گرنگیدانە بە پاراستنی مافەکانی وئازار نەدانی دێتە دی، وهەروەها چاکەکار بوون بەرامبەر وئارامگرتن لەسەر ئازاردانی، تەنانەت بەهۆی زۆری دووبارە وفەرمانکردن لەلایەن جبریلەوە سەبارەت بە ئەم بابەتە ؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی وابوو وەحی دادەبەزێت کە فەرماندەکات بە بەخشینی بەشێک لە میرات بەدراوسێ.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4965

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee